# کورد و خۆپێشاندان

**ئەمجەد شاکەلی**

ئەو منداڵە فلستینییانەی بەردبارانی ئیسرائیلییانیان دەکرد و هەراسانیان کردبوون، بە "أطفال الحجارة" نێویان رۆیشتبوو، من بۆ خۆم نێوی (منداڵانی بەردەفڕکێ)م لێنابوون، رەنگە بکرێ نێوی (نەوەی رێپێوان و خۆپێشاندان) و (نەوەی بژی و بڕۆخێ)، لە خەڵکانی نەوەی ئێمەش، کە ئێستا ئیدی بەرەو پاییزی تەمەن هەڵدەکشێین، بنرێت.

هەر لە دوای 14ی تەمموزی 1958ەوە، رێپێوان و خۆپێشاندان، لە عیراق و کوردستاندا، بووبووە بەشێک لە ژیانی خەڵک. ئەودەمی وەک منداڵێکی شوێن لێشاو و عەشامات کەوتوو، لەگەڵ ئەو رێپێوان و خۆپێشاندانانەدا دەرۆیشتم و بێ ئەوەی بزانم بۆ چییە و دروشمەکان چین و کێ رێکیان دەخات و دژ بە کێیە و بە قازانجی کێیە! ئەوانە هیچیان بۆ من گرنگ نەبوو، تەنێ هەراو و دەنگەدەنگ و هاتوهاوارەکە، بۆ من گرنگ بوو. ئەوددەمە و لەو گەرمێنەی ئێمە و لە کەلار، ئەوانەی ئەو رێپێوان و خۆپێشاندانانەیان رێکدەخست، خەڵکانی سەر بە پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و عەبدولکەریم قاسم بوون. دواتریش پارتیی دیموکراتی کوردستان، بەشداری ئەو جۆرە کارانەیان دەکرد، بەڵام بە جیا. هەر حیزبەو بۆ خۆی دەیکرد. ئەو رێپێوان و خۆپێشاندانانە ئەودەمی بۆ دەسەڵات و بە قازانجی دەسەڵات و خەڵکان و حیزبانی نێزیکی دەسەڵات بوون. ئەو رەوشە تا ساڵی 1961 و سەرهەڵدانی بزاڤی چەکداری کورد، درێژەی هەبوو و ئیدی نەما، دیارە بۆ من و بۆ ئەو دەڤەرە، دەنا رەنگە لە جێگەی دیکە و بۆ خەڵکی دیکە هەر هەبووبێت.

من بەشبەحاڵی خۆم ئیدی خۆپێشاندان و رێپێوانم نە دی و نە تێدا بەشدار بووم، تا دوای 11ی مارتی 1970، کە ئیدی سەرکردەیەتی سیاسی کورد و حوکوومەتی بەغدا پێکهاتبوون. لەو ساڵانەشدا جاروبارێک لەو چالاکییانە هەبوون و خەڵک دەرژانە سەر جادە، لێ ئەویش هەر بە کاریگەری حیزب و دەسەڵات. هەر لەو ساڵانەیشدا من بۆ خۆم ئاشنایەتیم لەگەڵ رێپێوانی 10ی موحەڕڕەم و عاشووورادا پەیدا کرد، کە لە کەربەلا ئەنجام دەدرا و هەرچەندە بە نێوی بۆنەیەکی ئایینییەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام پتر سیاسی بوو و دروشمی سیاسی و دژە دەسەڵات، بەڵام برێک هێمنانە، دەگوترایەوە. گرۆ چەپە رادیکاڵەکانی ئەو سەردەمە، بە نێوی لایەنگرانی حوسەین"أنصارالحسین"و نێوی دیکەی ئایینییەوە، بەشداری ئەو رێپێوانانەیان دەکرد. ئەو ساڵانە لە بەغدا بووم و تا هاوینی 1972، لەو جۆرە رێپێوانانەدا بەشدار دەبووم.

ئیدی دواتر و لە 1975ەوە، کە کەوتمە ژیانی کار و لە کارگێڕیدا کارم دەکرد، لەگەڵ جۆرە رێپێوان و خۆپێشاندانێکی دیکەدا، ئاشنا بووم، ئەویش ئەو جۆرانە بوون، کە کارگێڕییەکان و دەسەڵات رێکیان دەخستن، هەر رۆژەی بە بیانوویەکەوە. رۆژێک بۆ کرێکاران، رۆژیک بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، رۆژێک دژی ئەنوەر ئەسسادات(أنورالسادات)ی مسر، رۆژێک دژی سووریا و... ئەوانە بۆ دەسەڵات و بە قازانجی دەسەڵات و بە رێکخستنی دەسەڵات دەکران. چەندین جار لەو رێپێوانانە خۆم دەدزییەوە و نەدەرۆیشتم و لەبەر ئەوەش تووشی گێچەڵ و لێپرسینەوە دەبووم.

لە 1980ەوە، وڵاتم جێهێشت و لە 1981دا گەیشتمە سوێد. هەر لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ، سەدان رێپێوان و خۆپێشاندانی کورد و بۆ پرسی کورد و کێشەکانی کورد و پشتگریی کورد، دژی باڵیۆزخانەکانی عیراق، تورکیا، ئێران و سووریا کراوە و بڕوا ناکەم بە سەر یەک دانە لەوانەدا بازم دابێت و بۆ هەموویان

ڕۆیشتووم. بێجگە لەوانەیش بەشداری سەدان جۆرە خۆپێشاندان و ڕێپێوانی دیکەم کردووە، کە بۆ 1ی مەی(ڕۆژی کارگەران)، بۆ پشتگریی فلستینییان، دژی نەژادپەرستی و فاشیزم، دژی جەنگی ئەمەریکا و هێرشی بۆ سەر عیراق، بۆ یادی گیڤارا، بۆ پشتگریی کووبا و دژی ئەمەریکا، دژی جەنگ، بۆ ئاشتی و...ئەنجام دراون. لە بەشێکی زۆری ڕێپێوان و خۆپێشاندانی ئەنارکیست و سەندیکالیست و خەڵکانی دیکەی چەپدا بەشدار بووم. بەشداربوونی ڕێپێوان و خۆپێشاندان، لەم ئەوروپایە، کە بۆ خۆی ڕەنگە ساکارترین و فراوانتری جۆری کاردانەوە و بەرهەڵستکاری بێت، بۆ ئێمەی نەوەی بژی و بڕۆخێ و نەوەی ڕێپیوان و خۆپێشاندان، لە ئەرک زیاتری لێهاتووە و بووەتە خولیا و پیشە و بەشێک لە بوون و دید و بۆچوونمان.

ڕۆژی 10/27 لە کۆمەڵە بازێڕێکی ئەوروپا، ڕێپێوان و خۆپێشاندانی کوردانی ئەوروپا، دژ بە تورکیا و هەڕەشەکانی و خۆئامادەکردنی بۆ هێرشکردنەسەر باشووری کوردستان، ئەنجام درا. منیش وەک بەشێکی ئەو خەڵکە چووم و لە بەرانبەر 10 Downing Street، کە ماڵی گۆردن براون (Gordon Brown)ی سەرۆکی حوکوومەتی لێیە، ڕاوەستام. چەند سەد کوردێک، ژن، پیاو، لاو و منداڵ هاتبوون. ئالایەکی زۆری کوردستانیان هەڵگرتبوو و هی وا هەبوو وەک کراس ئالای کوردستانی لەبەر کردبوو، دروشمی جیاواز بە چەند زمانێکی جیاواز نووسرابوون و هەندێک ئالای پەکەکە و ئەوانەیش هەبوون. بڵندگۆهەڵگر هەبوون و کامیرا و ئامرازی وێنەگرتن هەر یەکجار زۆر بوون. پۆلیسیش دەوروبەری خەڵکەکەی گرتبوو. خەڵکەکە دوو سەعاتێک لەو سەر جادەیە ڕاوەستان و پاشان بۆ مەیدانی ترەفلگەر (Trafalgar)، وەڕێکەوتن و لەوێش نێزیکەی یەک سەعات مانەوە و ئیدی کۆتایی پێ هێنرا.

ئەوەی من لە ڕێپێوان و خۆپێشاندانی کورداندا بە گشتی دەیبینم، مەبەستم نەک هەر ئەمەی لەندەنە، بەڵکە ئەوانەیشی، کە لە سوێد دیومە و پێموابێ شارەکانی دیکەی ئەوروپایش هەروا بن، ئەمانەن:

1. تۆ کە چاوت بەو خڕبوونەوانە دەکەوێت، پێتوایە ئەوە لە بازێڕێکی کوردستان ڕوو دەدات و بۆ خەڵکی کورد دەکرێت، نەک لە ئەوروپا و بۆ بیانییان، چونکە زۆرترینی ئەو دروشمانەی دەگوترێنەوە بە زمانی کوردین و هەر بەین نا بەینێکیش سروودێکی"ئەی ڕەقیب"ی خەستوخۆڵ و قورس و دووروودرێژی بە سەردا دەکرێت، کە بۆ بازێڕ و جڤاکێکی ئەوروپایی هیچ ناگەیەنێت و شتێکی زیادە و خۆشەکەتکردنە. هاوڕێیەکم گێڕایەوە، کە جارێکیان لەو سالانەی کورد لە کەرکووک دەستی دەڕۆیشت و دەیتوانی بچێنە سەر جادە و ڕێپێوان و خۆپێشاندان بکات، کۆمەڵێک کورد بەدەم گوتنی "کەس نەڵێ کورد مردووە..."ی سروودی"ئەی ڕەقیب"ەوە و بە دەنگێکی زۆر بڵندەوە، بە سەر جادە و بە نێو کۆڵانەکاندا دەڕۆن. کە دەگەنە بەردەم فرۆشگەی کابرایەکی تورکمان، کابرا دێتە دەرێ و دەڵێ:"ئشتە کێ وتیتی کورد مردووە!" واتە: کێ گوتوویەتی کورد مردووە. ئەم "کەس نەڵێ کورد مردووە" گوتنە و بەو دەنگە بەرزە لە لەندەن، ستۆکهۆڵم، پاریس، کۆپنهاگن یا هەر شارێکی دیکەی ئەوروپا، هیچ جێگەی خۆی نییە و تاکە یەک ئەوروپاییش لێی تێناگات و هیچیش بۆ کورد سەوز ناکات.

2 . ئەو بڵاوکراوە و نووسراوانەی، کە بە زمانی ئینگلیزین(دیارە لەم خۆپێشاندانەی لەندەندا) و بۆ ئەوەن بدرێنە خەڵکی ناکورد، بە زۆری هەر دابەشی سەر خەڵکە کوردەکەی بەشداربووی خڕبوونەوەکە دەکرێن. کورد بۆ خۆی چ پێویستی بەوەیە ئەو کاغەزانەی بدرێتێ! کورد بۆ خۆی ئاگاداری کێشەکەیە و دەشێ ئەو بە زمانی ئەو وڵاتەی تێیدایە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە و بیانییانی دیکەی باس بکات. ئەو کاغەز و بڵاوکراوانە دەبێ بدرێنە خەڵکانی ناکورد، بۆ ئەوەی ئەوان لە کێشەکە ئاگادار بکرێنەوە و بۆ ئەوەی مەیلی ئەوان بەلای کورد و پرسی کورددا ڕابکێشرێت و بۆ ئەوەی تورکیا و دڕندایەتی تورکیا بەوان بناسرێنرێت.

3. لە نێو ئەو هەموو خڕبوونەوە و ڕێپێوان و خۆپێشاندانانەدا، بۆ دەرمانیش بگەڕێیت، ناکوردێک نابینییەوە. ئەوەی، کە بەشدارە هەر کورد بە تەنیا خۆیەتی. ئەمە بە من نیشانەی ئەوەیە، کە خەڵکی کورد نەیتوانیوە و ناتوانێت، دۆست لە نێو خەڵکانی گەل و نەتەوە و وڵاتانی جیاوازدا پەیدا بکات. من بۆ خۆم بەشداری ڕێپێوان و خۆپێشاندانی فلستینییانم گەلێک جاران کردووە، سەدان خەڵکی نافلستینی و ناعەرەب، بەشدارییان دەکەن و لەگەڵیاندا دەڕۆن. لە نێو ئەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانەی خەڵکانی دیکە و بۆ مەبەستی جیاواز ڕێکیان دەخەن، بە تایبەت ئەوانەی دەستە و گرۆ چەپەکان ڕێکیان دەخەن، هەزان خەڵکی ئەمەریکای لاتین، ئەفریقایی، ئەوروپایی، عەرەب، ئێرانی و...بەشدار دەبن، بەڵام کە دێیتە سەر کورد، تاکە یەک عەرەب، یەک ئەوروپایی، یەک لاتین ئەمەریکایی، یەک ئێرانی یا کەسێکی دیکە نابینیت. کورد کەسی لەگەڵ نییە و زۆریش لاوازە لە دروستکردنی دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکانێکدا، کە بە ڕاستی دەکرێ دۆست بن. بە بڕوای من لەبەر ئەوەی کورد بە هەموو هێزێکییەوە خۆی خستووەتە خانەی ئەمەریکا و ئینگلستان و ڕۆژاوەوە، هەرچی مەیل و بەزەیی و سۆز و هەواداریی خەڵکانی سەر بە نەتەوە و گەلە چەوساوەکان و خەڵکانی ئاشتیخواز و خەڵکانی چەپی جیهانە دۆڕاندوویەتی و لە دەستی داوە. کورد ئێستاکە دۆستایەتی لەگەڵ ئەوانەدا نەماوە و ئێستا دۆستی نەیارانی ئەوانەیە. ئەمەیش بێگومان زیانێکی زۆری بە کێشەی کورد گەیاندووە.

4. هەڵبژاردنی کاتی خۆپێشاندان و ڕێپیوانەکانی کورد زۆرجاران هەڵەن و لە جێی خۆیاندا نین. چەند ڕۆژێک پێش 10/27، سەرۆک حوکوومەتی تورکیا"ڕەجەپ تەییپ ئاردۆگان" بە سەردان لە لەندەن بوو و میوانی "گۆردن براون"ی سەرۆکی حوکوومەتی ئینگلستان بوو، ئەو کاتە باشترین کات بوو بۆ ڕێپێوان و خۆپێشاندان دژی ئاردۆگان و تورکیا، نەک 10/27. بێجگە لەوەش 10/27 ڕۆژی شەممە بوو و ڕۆژی شەممە ڕۆژی پشووە لە ئەوروپا. سەرۆکی حوکوومەتی ئینگلستانیش وەک هەر مرۆڤێکی ئەم وڵاتە، پشووی هەیە. ئەو جۆرە خەڵکانەیش، کە پشوویان هەبوو، ئەگەر بۆ یەک سەعاتیش بێت، لە لەندەن نامێننەوە و دەچنە دەرێی شار و لەو ژاوەژاو و هەراو و دەنگەدەنگ و پیسی و پۆخڵییەی لەندەن دوور دەکەونەوە. وا باویشە ئەو سەرۆک حوکوومەت و وەزیر و گزیرانەی ئەم وڵاتە، لە دەرێی لەندن جێگەیەکی تایبەتیان هەیە و هەموو وێکڕا و لەگەڵ خێزان و منداڵیان دەچنە وێندەرێ و پشووی کۆتایی حەفتە لەوێ بەسەر دەبەن. ئەوجا هەڵبژاردنی ئەو کاتە هەڵەیەکی گەلێک گەورەیە.

5. هەرچەندە ئەو خەڵکە کوردەی بەشداری ئەو خۆپێشاندان و ڕێپێوانانە دەکەن، خەڵکانێکی دڵسۆزن و بۆ هاوسۆزی لەگەڵ وڵات و خاک و گەلەکەی خۆیاندا ئەو کارە دەکەن، بەڵام زۆرجاران ئەو حیزبانەی کوردستان، بە تایبەت حیزبانی دەسەڵات بۆ خۆیان و بە هاندانی ئەوان ئەو خەڵکە دێننە سەر جادە. خەڵک، کە خۆپێشاندان دەکەن و تووڕەیی خۆیان بەرانبەر تورکیا و نەیارانی کوردستان دەردەبڕن، گەرەکە ئەوە لەبیر نەکەن، کە دەسەڵاتداریەتی کوردستان بۆ خۆی بەشێکە لەو کێشەیەی، کە هەیە. ئەو دەسەڵاتداریەتییە بە خۆگرێدانی بە تورکیاوە، بەوەی هاوپشکی هەموو کۆمپانیا و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنێکە لەگەڵ تورکیادا و بەوەی کوردستانی کردووەتە پاشکۆی تورکیا و بازاڕی تورکیا، ئەو بۆ خۆی خەڵکی کوردستانی کردووەتە دەمێکی گەورە بۆ هەڵلووشینی هەرچی خوراکی کۆن و ژاراوی تورکیایە. لەم کاتەدا، کە تورکیا بەر دەرکەی کوردی گرتووە و خەریکە ملدەنێتە ژوورێ، تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان، هەروەک جاران لە ڕێکلام و پرۆپاگەندە، بۆ خۆراک و کاڵا و کووتاڵ و کەرەسەی تورکی بەردەوامن و خەڵکیش لە کڕین و فرۆشتنی شتومەکی تورکی کەمتەرخەمی ناکەن. خەڵک لە کوردستان بە هۆی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتی کوردستانەوە و بە هۆ و کاریگەری سەرمایەدار و بۆرژوازی مشەخۆر و وەدووی قازانج و گیرفانپڕکردن کەوتووی کوردەوە، وایان لێهاتووە بێ تورکیا و شتی تورکی ناژین و پێیانوایە گەلێک سەختە. خەڵکی کورد دەشێ پێش هەر شتێکی دیکە

دژی سەران و دەسەڵاتدارانی خۆی ڕاپەڕێت و دژی بۆرژوازی و سەرمایەداری خۆی ببێتەوە و داخوازی دابڕانی ئابووری لەگەڵ تورکیادا و بەکارنەبردنی خۆراک و کاڵا و کەرەسە و ئامێری تورکیا بکات.
بەڵێ تورکیا هەڕەشەیە و مەترسییە بۆ سەر کوردستان و نەیاری کوردستانە، لێ دەسەڵاتداریەتی کوردستانیش، ئەنفال و کیمیابارانی لێ دەرچێت، لە تورکیا و عیراق و ئێران و سووریایان کەمتر بەرانبەر خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان نەکردووە. جیاوازییەکە تەنیا لە یەک شتدایە دەسەڵاتدارانی تورکیا، عیراق، سووریا و ئێران بە زمانانی تورکی، عەرەبی و فارسی کارەکانیان ئەنجام دەدەن و ئەوانەی کوردستان بە زمانی کوردی.
بیرکردنەوەیەک لەو بارە، کە من بە ئاسایی نازانم و بە بەشێک لە دەردە گەورە( بێبەرنامەیی و بێهەڵسەنگاندن و بێخوێندنەوەی دەوروبەر)کەی دەزانم، کارێکی خراپ نییە.

2007-10-29